www.kurdistannet.org
1-5-2003 0:18

# موجاهیدی خەلق و تاوانبارانی جەنگ

ڕێبین کەریم

گروپی موجاهیدین ئەگەرچی خۆیان بەهێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەزانی، بەڵام لە ڕاستیدا لە هێزێکی بەکرێگیراوو داردەستی حکومەتی بەعس بەولاوە هیچی دیکە نەبوون، ئەم هێزە بەکرێگیراوە رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە تێك شکاندنی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشوری کوردستاندا و دەستیان بەخوێنی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە سوورە هەر ئەو دڵسۆزیەشیان بوو وای لە سەدام کرد پشتیان پێ ببەستێت، تەنانەت بەرپرسی ئەم گروپە تیرۆریستە واتا مریەمی ڕەجەوی بە هێزە بەکرێ گیراوەکانی ڕادەگەیەنێت کە فیشەك لە کوردەکاندا بەخەسار نەدەن و بە تانکەکانیان بەسەریاندا بڕۆن.

**ئەوەی مایەی نیگەرانییە مانەوەی ئەو هێزانەیە وەکو خۆیان لە عێراقدا و ڕێکەوتنی ئەمریکا لەگەڵیاندا، نەدەبوو ئەمریکا لەگەڵ هێزێکی تیرۆریستدا ڕێککەوێت بەڵکو دەبوایە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا بەرهێرشی هاوپەیمانەکان بکەوتنایەو لەبەریەك هەڵبوەشێندرانایەو ناوی گەورە بەرپرسانیان وەك تاوانباری جەنگ بهاتایەو سزایەکی توند بدرانایە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزە بەتەواوی توانایانەوە لەخزمەتی ڕژێمی شۆڤێنیستی بەعسدا بوون، ئەرکی هێزە کوردستانییەکانە هەوڵی ئەوە بدەن پەرپرسانی تاوانباری ئەو گروپە دادگایی بکرێن و وەك تاوانباری جەنگ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.